بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی و
ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پاڕلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «١٣٠» ٥ی بەفرانباری ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ٢٦ی دسامبری ٢٠٠٧ی زایینی



بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربان و هەروەها جێژنی کریسمەس و هاتنی ساڵی تازەی زایینی، جوانترین پیرۆزبایی بە سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز پێشکەش دەکەین.

تێکۆشان

## ڕاگەیاندنی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

هاو نیشتمانە بەڕێزەکان، ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات،
بە خۆشیەوە ڕۆژی شەممە ١٠ی سەرماوەزی ١٣٨٦ کۆچی خۆری پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە بەشداری زۆربەی ئەندامان و چەند کەس لە کادرە پێشکەوتووەکانی سازمان بەسترا و ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە ١١ی سەرماوەز کۆتایی بە کارەکانی هێنا. پلینۆم بە چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز و دەقیقەیێك بێ دەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی سازمانی خەبات و شەهیدانی ڕێگەی ئازادی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. دوای ئەوە بەڕێز کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی لەسەر کاری چەند مانگەی سازمان و ڕووداوە سیاسیەکان لە جیهان و ناوچەکە و کوردستان، پێش کەش کرد کە لە داهاتوودا دەخرێتە بەرچاوی جەماوەر و ئەویندارانی ڕێگەی سازمان.
ئەم خاڵانەی خوارەوە و چەندین بابەتی دیکە لە دوو ڕۆژی کارەکانی پلینۆمدا باس کران:
١ـ کار کردنی سازمان دوای پلینۆمی سێهەم، تا پلینۆمی چوارەم و ڕادەی گەشە کردن و جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی سازمان . لەو پێوەندییە دا پلینۆم هەڵسوورانی ئەندامانی سازمان لە ناوخۆی کوردستان و ئەندامان و کومیتەکانی ئووروپا لە چەند مانگی ڕابردووی دا بە گرینگ زانی و دەست خۆشی و ماندوونەبوونی لە دڵسۆزانی سازمان کرد.
٢_ لە سەر پێشنهادی سکرتێری گشتی سازمان لێبوردن لەو کەسانەی بە شێوەیێك لە شێوەکان هەڵەی سیاسی یان خراپەیان بەرانبەر سازمان کردوە و هەڵە و خەیانەتەکانیان نەگەیشتۆتە ڕادەی شەهید کردن و سووربوونی دەستیان بە خوێنی پێشمەرگەی سازمان، پلینۆم بڕیاری دا ئەو کەسانە دەتوانن بەدڵی پاکەوە لە ریزەکانی سازماندا خزمەت بکەن.
٣ـ سەرکوت و هەرەشەی ڕژیمی ئاخوندی لە بەرانبەر هاونیشتمانانی کوردستان و پەرەگرتنی نارەزایەتیی گشتی، لە کوردستان و سەرانسەری ئێران کە بەشی زۆریان لەلایەن خوێندکارانی دانشگاکان و کرێکاران، موعەلیمان و لاوان بە شێوەیێکی کەم وێنە بەڕێوە دەچێ، بە جێیە هەڵویستی توند و هەمە لایەنەی لەبەرامبەر بگیرێ، دیارە دەسەڵاتدارانی ڕژیم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نارەزایەتیەکان و بێ دەنگ کردنی خەڵك و لاوان هەوڵ دەدەن بە توندوتیژی و زیندان کردن و ئێعدامی ژمارەیێك لە ئازادیخوازان، نارەزایەتیەکان کونترۆڵ بکەن. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ دەست خۆشی و قەدر زانین بەرانبەر بە توندبوونی خەبات و کۆڵ نەدانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، و ڕۆشنبیران و خوێندکاران ئەو نارەزایەتی و ئێعترازانەی بە نوقتە گۆرانێك لە موبارزەی گەلی ستەم لێکراوی کورد و تێکرای خەڵکی ئێران لە بەرانبەر ڕژیمی ئاخوندی دا زانی.
پلینۆم مەحکووم کرانی ڕژیمی ئاخوندی لەلایەن ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و دەوڵەتە دیموکرات و ئازادەکان بە هەنگاوێکی باش و بڕیارێکی دروست و شیاو زانی و هومێدەواری دەربڕی کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراو و ناوەندە جیهانیەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ بەشێوەیێکی جیددی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئاخوندیدا هەڵوێست بگرن. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی هەڕەشەکان و سەرکوتگەریەکانی ڕژیمی ئاخوندی لە بەرانبەر خەڵکی ئێران و کوردستان بە توندی مەحکوم کرد و جارێکی دیکە پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە تاکە ڕێگەی چارەسەری خەڵکی ئێران ڕووخانی ئەو ڕژیمەیە.
٤ـ لە پێوەند بە کێشەکان لە ناو هێز و لایەنەکانی کوردستانی ئێران، و کاردانەوە خراپەکانی لە سەر جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، پلینۆم داوای لە تێکڕای هێز و لایەن و جەریانەکانی کوردستانی ئێران کرد، ریزەکانی خۆیان پتەو بکەن و بە تێکڕا هەوڵ بدرێ تا بە هاوکاری هەمە لایەنە لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەمان لەژێر چەتریکدا و لەسەنگەرێکدا تێ بکۆشین. لە پێوەند بە کوردستانی عێراق و هەڕەشەکانی دەوڵەت و ئەرتەشی تورکیە، پلینۆمی چوارەم ئەو هەڕەشانەی بە نارەوا زانی و بە توندی مەحکومی کرد، هەروەها داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوەیێکی گشتی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ بە دوادا چوونی ئەو پرسە حەستەم و چارەنووس سازەی بە گرینگ زانی، پلینۆم هەموو نەوعە پشتیوانی و هاوکارییێکی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانی

بۆ لاپەڕەی ٤

## ڕێکەوتنی پێنج وەڵاتی ئەندامی ئەجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئاڵمان بۆ بڕیارنامەیێکی نوێ لە دژی ڕژیمی ئێران



نوێنەرانی سیاسی وەڵاتانی ئەندامی ١+٥ لە تازەترین کۆبوونەوەیان لە پاریس ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی بڕیارنامەی تازە لە دژی ئێران دارێژن.
دیپلۆماتێکی فەرانسەیی لە مەڕ دەورێکی تازەی ووتووێژەکانی ١+٥ لە پێوەند بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئێران و توندتر کردنی ئابڵوقەکان لە دژی ڕژیم، گوتی: کۆبوونەوەکە زۆر باش بوو و ئێمە هێندێك شتمان بە دەستەوەیە کە ڕێگەمان پێ دەدا بۆ ئەوەی بڕیارنامەیێکی تازە لە ماوەیێکی کەمدا پەسەند بکەین.
ئەو دیپلۆماتە فەرانسەییە گوتی: واوێ دەچێ گەڵاڵەی بڕیارنامەی نوێ لە دژی ڕژیمی ئێران لە چەند حەوتووی داهاتوو پێش کەش بکرێ.
لەو پێوەندیەدا دیپلۆماتێکی دیکەی فەرانسەیی بە هەواڵدەری فەرانسەی گوت، گەڵاڵەیێك کە پەسەندی تێکڕایی لە سەر بێ، دەخرێتە بەر دەم وەڵاتانی ئەندامی ١+٥.
بە پێی ڕاپۆرتەکان، لە کاتێکدا کە گەڵاڵەی پەسەندی وەڵاتانی ١+٥ دەر بچێ و بڵاو بکرێتەوە بۆ پەسەند کردنی یەکجاری دەدرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان.

***

## تەمەنی ئیعتیاد لە ناو لاوانی ئێران گەیشتە ١٤ و ١٥ ساڵەیی



بە پێی سەرژمێرییێکی ڕەسمی، بە هۆی سیاسەتە نەزانکاریەکانی ڕژیمی ئاخوندی تەمەنی ئیعتیاد لە ناو لاوان کەم بۆتەوەو گەیشتۆتە تەمەنی چواردە و پانزدە ساڵەیی.
ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی نووسی ڕۆژانە ٥٠٠ لاو بەریزی موعتادەکان زیاد دەبن، لە سێ ملوێن نەفەر موعتاد لە وەڵاتدا، یەك ملوێن نەفەریان لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵیدان.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتە زۆربەی ئەو کەسانەی لە ساڵەکانی ٨٠ تا ٨٣ زیندانی کراون، لە تەمەنش نێوان ١٩ تا ٢٥ ساڵیدان و کەسانی ١٨ ساڵ نزیکەی پێنج لە سەدی ئەو کەسانەن کە زیندانی دەکرێن.
یەکێك لە کارناسانی سەر بە ڕژیم باسی لە زیاد بوونی موعتادەکان لە زینداندا کردوە کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە ١٨ ساڵ.

***

## بێ سەر و شوێن بونی ٣٣ کوچبەر بە هۆی نوقم بونی بەلەم لە کەنارەکانی یونان



بە پێی ڕاپۆرتی هەوالنێریەکانی یونان لە سەر زاری کاربەدەستانی دەولەتی ئەو ولاتە، ڕۆژی یەکشەممە ٢ی بەرفرانبار، لە ئاکامی نوقم بونی بەلەمصکی هەلگری کۆچبەران لە کەنارەکانی ئەو ولاتە، ٣٣ کۆچبەر بێ سەر و شوێن بوون.
ئەو بەلەمە کە لە تورکیەوە بەرەو یونان دەچوو، لە نزیك دورگەی "لێسباس" هەلگەراوەتەوە، بەلام ناسنامەی کۆچبەرانی بێ سەر و شوێن ئاشکرا نەکراوە.
پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە لە ماوەی چەند حەوتوی ڕابردو دا، زیاتر لە ٢٠٠ کۆچبەر بە هۆی نوقم بونی بەلەم لە ولاتانی جۆراوجۆری جیهان گیانیان لە دەست داوە.

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە

بەبۆنەی هاتنی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە سەرجەم موسوڵمانانی کوردستان و موسڵمانانی جیهان دەکەین.
ئاواتەخوازین کە ئەم جێژنە پیرۆز و پڕ بەرەکەتە ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ وەڵاتەکەمان و هەروەها ڕزگار بوونی یەکجاری میللەتی کورد لە دەست ستەمی داگیرکەران و ڕووخانی ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی.
هیوادارین کە خەڵکی وەڵاتەکەمان بەتایبەت کوردستان لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ناکۆکی و دڵە ئێشاویەکانیان لە یەکتر لە بیر بەرنەوە و یەکگرتووتر لە ڕابردوو ریزەکانیان یەکبخەن و نەفرەت بکەن لە بەدخوویی و ناخۆشەویستی و ڕەنجاندنی یەکتر.
جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرمتان بەبۆنەی هاتنی جێژنی قوربانی پیرۆزەوە پێشکەش دەکەین و هیوامان جێژنێکی خۆش و مژدە بەخش بێ بۆ گشت لایێك.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی
٢٧ی سەرماوەزی ١٣٨٦
٢٠٠٧/١٢/١٧

## جارێکی دیکە هێرشی ڤێزەونی تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان



لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هێزە سەربازیەکان و فرۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە، ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاندوەو بۆمبارانی چەند گوندێکی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراقیان کردوە. لە دوای ئەو هێرشانە چەند هاووڵاتی شەهید بوون و خەسارەتێکی زۆریش بە دێ و جێ ژیانی خەڵك گەیشتووە.
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، هێرشی هێزی سەربازی و فرۆکەی تورکیە بۆ سەر خەڵکی بێ تاوانی کوردستان کە بۆتە هۆی شەهید کردنی چەند هاووڵاتی، بە کردەوەیێکی نارەوا و غەیرە ئینسانی دەزانێ و بە توندی ڕەفتار و هەڵوێستەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیە و ئەو هێرشە نامرۆڤانە و نارەوایانە مەحکوم دەکا و پشتیوانی خۆی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
٢٧ی سەرماوەزی ١٣٨٦
١٨ی دیسامبری ٢٠٠٧

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە